ئەمریکا پشتیوانی خۆی بۆ بانکی ناوەندی عێراق و پلانەکانی چاکسازی بانکی دووپات دەکاتەوە



عەلی موحسین ئیسماعیل عەلاق، پارێزگاری بانکی ناوەندی عێراق، و جێش هارس، کاربەدەستێکی باڵێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق، ئەمڕۆ پێنجشەممە جەختیان لە گرنگی پاپشتیکردنی سەقامگیری نەختینەیی لە عێراق کردەوە.

نووسینگەی هاگێیاندنی بانکی ناوەندی لە هاگێیندراوەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبەع کەوتووە، ئاماژەی بۆ کردووە: عەلی موحسین ئیسماعیل عەلاق، پارێزگاری بانکی ناوەندی عێراق، پشوازی لە جێش هارس، کاربەدەستێکی باڵێزخانەی ئەمریکا کرد و تێیدا گفتوگۆ کرا دەربارەی ئاسکانی بەهێزکردنی هاوبەشیی ستراتیژی نێوان هەردوو وڵات، و جەختکرایەوە لەسەر گرنگی پاپشتیکردنی سەقامگیری نەختینەیی و ئابووری، بە شێوەیەک کە لەگەڵ پەداویستییەکانی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی لە عێراقدا بگونجێت.

بەپێی هاگێیندراوەکە، هارس جەختی کردووەتەوە لەسەر پەرەشیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بەهێزکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ عێراق، و پاپشتیکردنی هەر هەنگاوێک کە ببێتە هۆی چێسپاندنی

سەقامگیری و دوورخستنەوەی وەک لە هەر هەکارێک کە ببێتە هۆی شڕۆانی بارودۆخەکەی. هاوکات ستایشی ئەو پێشکەوتن و چاکسازییە گەورانەی کرد کە بانکی ناوەندی عێراق پێیەویان دەکات، هەروەها ئاماژەی بە پێیوەندییە نایاب و بەرهەمدارەکانی نێوان بانکەکە و وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا و بانکی فیدرالی ئەمریکا کرد.

هاگێیندراوەکە دەڵێت: "پارێزگاری بانکی ناوەندی لای خێیەوە سوپاس و پێزانینی خۆی دەربڕی بۆ ئەو پاڵپشتییە بەردەوامەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەڵگرتنی وەزارەتی خەزێنە و بانکی فیدرالییەوە پێشکێشی دەکات، بەتایبەت لە میانی کێبوونەوە وەرزییەکاندا. هاوکات پلانی چاکسازیی بانکی و ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی خستە ڕوو کە لە جێگیرکردنی پێسەکانی حەوالەی دەرەکی و هێکخستنی فرێشتنی دۆلاردا بەپێی باشترین پۆڕە نێودەوڵەتییەکان بەدی هاتووە."

لە کۆتایی هاگێیندراوەکەدا هاتووە: "هارس ئامادەیی تەواوی نیشاندا بۆ بەردەوامبوون لە پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی بانکی ناوەندی عێراق، بۆ جۆرێی کە بتوانێت ئامانجەکانی لە بەهێزکردنی سەقامگیری دارایی و نەختینەییدا بەدی بهێنێت